Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.25 02:00:26 +01'00'

# مامە ئەمجارەیان بۆ؟!!

**ڕێنۆش بێخاڵی**

ئەوەی لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان دیار و ئاشکرایە جەلال تاڵەبانی لە هەموو ژیانی هەوڵی داوە گۆڕەپانی کوردی بەرەو ڕووخان ببات، چەندین جار کورد هەلی بۆ ڕەخساوە، بەڵام تاڵەبانی تێکی داوە، ئەوەتا بۆ دواجار کورد زۆر دڵشاد بوو بەڕووخانی ڕژێمی سەدامی گۆڕبەگۆڕ، کەوا کورد ئەو جارەیان مافی چارەنووسی خۆی وەردەگرێ، بەڵام جەلال تاڵەبانی بڕوای نەکرد مانگێک دەسەڵاتی عێراقی کەوتە بەردەست، فیدرالی پارێزگاکانی لەگەڵ پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق مۆر کرد بەبێ پرس و ڕای خەڵکی کوردستان، بەبێ خواستی گەلی کورد، ئەو خەڵکەی کەوا چەندین ساڵە لەژێر دەسەڵاتی سەدام و جەلال ئازار و ئەشکەنجە دەکێشن، بۆ دەڵێم سەدام و جەلال، چونکە بڕوا بکەن هەر بەقەد یەک زەرەریان بۆ میللەتی کورد هەبووە... ڕەنگە تاڵەبانی زیاتر بێت کەمتر نەبێت.

فیدرالی پارێزگاکان بۆ جەلال تاڵەبانی سەر و زیادە، چونکە هیچ کات خۆی بەبرپرسی ئەو گەلە نەزانیووە و هیچ کاتێک خەمخۆری ئەو گەلە نەبووە. بۆ ئەویش بەسە حوکمی پارێزگایەک بکات وەک چۆن ئێستا حووکمەتی پارێزگایەکی هەیە، ئەو حووکمەتەش بەنیسبەت ئەو هەر دەمینێ و هەر دەمێنێ، جا چ باکی بەمیللەتی کورد و گەلی کورد هەیە.

مامە هۆی چی بوو ئەو فیدرالیەت مۆر کرد؟ لەبەر چی پەشیمان بوویتەوە؟ بۆ سەدان جار وەک جاران پەشیمان بوویتەوە لە قسەکانت، بەڵام مامە ئاگەداربە ئەمجارەیان ئەوە مۆرکێکە بەناو چاوانت نووساوە، ئەو جارەیان نە ٦٦ و نە ٨٤ و نەشەڕی براکوژییە، ئەمجارەیان نە کورد کوشتن و نە خیانەت کردن و نە خەنجەر لەدوا وەشاندنە، ئەمجارەیان وەسیقە و بەڵگەنامە لەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکوومی چ لە عێراق چ لەهەرێمی کوردستان دابەش کراوە! کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەموو دنیا بڵاوی کردۆتەوە.

مامە تاکەی؟ بەنیازی چی؟ چی وات لێدەکات ئەوها لەو گەلە بکەی؟ چ ڕقێکت لە دڵە بەرامبەر ئەو میللەتە؟ مامە خۆت بەبەرپرسیاری گەلی کورد دەزانی، بەبێ گوی دانە هیچ مافێکی ئەو گەلە بەهەوەسی خۆت لە کۆییە زەوی بەسەر تورکمان دابەش دەکەیت، هۆی چییە مامە؟ هەر بۆ ئەوەیە ئەو جارەیان کە چوویتە تورکیا بەرد بارانت نەکەن، بەشەق تێت هەڵ نەدەن.

مامە بۆ لەهەر  شوێنێک قسە بۆ خۆشی ئەو جێگایە دەکەی، مامە با ئەو باسەت بۆ بگێڕمەوە کە زۆر جاران پیاوێکی پیر دەیگێرایەوە دەیگوت: لە گوندەکەمان پیاوێک کەرێکی هەبوو، بەڵام ئەو کەرە ئەگەر کابرا نەچووبوایە لەبن گوێ هاواری نەکردایە ئەو کەرە قەت نەدەوەستا، جا ئەگەر کابرا بیویستایە لە جێگایەک بووەستێ دەبووایە بچێتە بن گوێی و هاوار بکات بۆ ئەوەی بووەستێ، مامە تۆش بەسە با چیتر میللەتی کورد لەبن گوێت هاوار نەکا، با چیتر میللەتی کورد ئاوارە و ئەشکەنجە نەدرێن، مافی خۆمانە داوای سەربەخۆیی خاکی کوردستان بکەین هیچمان لە گەلانی دونیا کەمتر نییە، کاتەکە لەبارە بۆ ئەوەی داوای سەربەخۆی بکەین فیدرالی پارێزگاکان و ناوچەیی خزمەتی دۆزەکەمان ناکات... مامە خۆشیی پایتەخت با ئەمجارەش شەرمەزارت نەکات! خۆشیی کورسی با ئەم جارەش ڕیسوات نەکات. وەک چنگیانی گوتەنی: یەع لە خۆت... یەع لە مێژووت... یەع لە سەرکردایەتیت... یەع لە داهاتووت... یەع... یەع... یەع.